# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٦) ئابی
٢٠١٦

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠١٤١٢٥٤٣
tofeqkarem@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین**
**ئیدریس سیوەیلی**
٠٧٧٠١٩٧٥٠٣٠
siwayli@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

**ڕاوێژکاران**

**پ. د. موحسین عەبدولحەمید**
**پ.ی. د. عوسمان عەلی**
**پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی**
**پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی**
**پ.ی. سەلام ناوخۆش**

**وێنەی بەرگ، تایبەت بە گۆڤاری خاڵ**
**کاری: هاوڕێ عەلی**

**سایتی گۆڤاری خاڵ:**
www.xalkurd.com

**تیراژ: ١٥٠٠**
**نرخ: ١٥٠٠ دینار**
**چاپخانە: سەردەم**



# لەم ژمارەیەدا


## تەوەر


ئازادی ئایینداری و گرفتی کوشتنی هەڵگەڕاوە لە ئیسلامدا ............................ د. ئومێد عوسمان کوردی ٤
ئازادی ئایین و گرفتی مافەکانی هاووڵاتیبوون.. ................................................ د.بەختیار نەجمەدین ١٤
ڕەسەناندنی «تأصیل» مەبەستی ئازادی بە قورئان و سوننە .................... د.حەسەن محەمەد ئیبراهیم ٢٤
سەیرکردنی پێگەی ئافرەت بە دروستی ............................................................ هەلالە محەممەد ئەڵماس ٣٣
ئازادی وەک روحی شەریعەت ........................................................................ حەکیم ئەبوبەکر ٤٣
ئیسلام و کۆیلایەتیی .................................................................................... نازم عەبدوڵڵا ٥٣
روانین بۆ ئازادی ئافرەتان لە ئیسلامدا لە روانگەی... ...................................... ناسک سەعید ٥٧
ئازادییە گشتییەکان لە دیدی ڕاشید ئەلغەننوشیی بیرمەندا ........................ بوخاری عەبدوڵڵا قەسریَ ٦٦
هەڵگەڕانەوە لە ئایین وەک ئازادی هەڵەکردن ................................................ سەعدون محەممەدی ٧٤


## بابەتی گشتی


سنورەکانی نێوان فیقهـ وئەدەب ئیبن حەزم وەک نموونە .............................. د. ئیسماعیل بەرزنجی ٨١
ژینگەی ئایینداری کوردستان و تەختە ڕەشەکەی مستەفا زەڵمی ............. د. ئاراس محەممەد ساڵح ٨٨
فازیل رەسول ئەو سەکردەی ئەورووپییەکان ستایشی دەکەن و... ........................ ئیسماعیل تەها ٩١
کاریگەری واقع لەسەر فەتوای زانایان و بیرکردنەوەی بیرمەندان ....................... د. کەریم ئەحمەد ٩٩
تێڕوانینی مەسعوود محەمەد بۆ ئایدیالیزمەکان ............................................ زامدار ئەحمەد ١٠٣
پاراستنی مافە هاوبەشەکان لە ڕوانگەی فەرموودەیەکەوە ............ د. عەدنان عەبدولقادر هەورامانی ١٠٨
زمانی کوردی و نەوەی نوێ ............................................................................ حەیدەر عەبدوڵڵا ١١٣
پەیامی خودا و ئایینزا ئیسلامییەکان ............................................................ عەبدوڵڵا نەسروڵڵا ١١٩
سەلەفییەت مێژوو و ڕەچەڵەک .......................................................................... ئیمداد تەها ١٣٠
نامە کراوەکەی «تۆدنهوفەر» بۆ «ئەبوبەکر ئەلبەغدادی» .................. و. سەروەر عومەر١٣٩



# تێڕوانینی
# مەسعوود محەمەد
# بۆ ئایدیالیزمەکان




**زامدار ئەحمەد**

بەکالۆریۆس لە مێژوو.

کتێبێکی چاپکراوی هەیە.

مەسعوود محەممەد (١٩١٩-٢٠٠٢ز) یەکێکە لە بیرمەند و نووسەرە دیارەکانی کوردستان، جێ پەنجەی لە نێو کتێبخانەی کوردی و عەرەبی دیارە، لەسەر بابەتی مێژوویی، زمانەوانی، ئەدەب، هزر، فەلسەفە و قسەکردن سەبارەت بە زۆر بابەتی دیکە نووسینی بەشێوەی کتێب و وتار بڵاوکردۆتەوە. بە گەواهیدانی زۆربەی پەیجور و نووسەر و کەسانی خاوەن هزر، قسەکردن و نووسین لەسەر مەسعوود محەممەد کارێکی سانا نییە، بەڵکو تاقەت پڕوکێنە و ماندووبوونێکی زۆری پێویستە و دەبێت زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ نووسینەکانیدا بکرێت.

نووسینەکانی مەسعوود محەممەد بۆ هەموو کات و سەردەمێکە و بە تاکە نووسەری کورد دادەنرێت کە خاوەن هزر و فەلسەفەیە «تەنانەت هەندێک بە فەیلەسووفیشی ناودەبەن» کە نووسینەکانی لەسەر هەر بابەتێک بێت، بەشێوەیەک نووسیوویەتی کە خوێنەر هەست دەکات، ئەم پرسە لە نێو کورددایە. بەداخەوە، تا ئێستا بەشێوەیەکی ورد توێژینەوە لەسەر بەرهەمەکانی مەسعوود محەممەد نەکراوە، تەنانەت وەک پێویست لە نێو خەڵقی نەناسێندراوە.

لە ئێستادا، بیست و چوار کتێبی مەسعوود محەممەد لە کتێبخانەی کوردیدا، بەرچاو دەکەوێت، کە حەوت کتێبی لە زمانی عەرەبییەوە لەلایەن حەکیم کاکەوەیسەوە وەرگێردراوە. یەکێک لەو بابەتانەی کە مەسعوود محەممەدی زۆر پێناسراوە، بابەتی هزریی فەلسەفی بووە، بە تایبەت لەدوای بڵاوکردنەوەی کتێبی «مرۆڤ و دەوروبەر»ی بە سێ بەرگ، هەڵبەتە هەموو کەسێک توانای خوێندنەوە و تێگەیشتنی بەرهەمە فەلسەفی و هزرییەکانی نییە، بەڵکو خوێنەرانی ڕێژەیەکی دیاریکراوە. ئەو کتێبانەی مەسعوود محەممەد کە باسی هزر و فەلسەفە دەکات ئەمانەن »مرۆڤ و دەوروبەر، هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا، بۆ ئەمیری حەسەن پور

**مەسعوود محەممەد بڕوای وایە، فکر، ناتوانێت لە بۆشاییدا هیچ بەرهەمێکی هەبێت، نەمادی نە عەقڵی،**

لە هەرکوێیەک بێت، سەرنجێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، بۆ کۆرباتشۆڤ، پەرەسترۆریکای گۆرباشۆڤ، لە پەرۆشیەکانی ژیان، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟»،

لەم نووسینەدا، باس لە تێڕوانینی مەسعوود محەممەد بۆ ئایدیالیزم و فەلسەفەکەی دەکەین، ئەو ڕەخنانە دەخەینە ڕوو کە ئاراستەیان کراوە، بەتایبەتی بەرانبەر هیگڵ

## ڕوانگەی ئایدیالیزم، بە تایبەت هیگڵ(١) بۆ مێژوو

فەلسەفەی ئایدیالیزم (Idealism)، کە بە مانای خەیاڵپەرستی و ئامانجپەرستی، یاخوود قوتابخانەی وێنەگەرایی دێت (٢) ئەم ڕێبازە لە سەر ئەم باوەڕەیە کە هەموو ڕاستییەک تەنیا وەکوو بوونێکی گیانیی(ڕوحی) ڕووت و ڕەسەن بوونیان هەیە, لەش و جەستەش شتێک نییە جگە لە فۆرم و ڕواڵەتیی ئەم بوونە، واتە جەستە لە ڕاستیدا خۆنواندنی گیان و ڕەوانە. ئایدیالیستەکان هەموو بوونەوەرێک و سەرچاوەی ئەو شتانەی کە مرۆڤ لەم جیهانەدا هەستیان پێدەکا و تێیان دەگا بە وێنەیەکی زەینیی مرۆڤەکان نەک بەرچاو و دیار دەزانن(٣).

هیگڵ، وەک زۆربەی زۆری فەیلەسوفانی

## مەسعوود محەممەد
## فەلسەفەی هیگڵ بە دواکەوتوو وەسف دەکات، لە چاو فەلسەفەی مارکس

سەردەمی خۆی بە قۆناغێکدا تێپەڕیووە کە پێیدەوترێت قۆناغی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا، ئەمەش کاریگەری لەسەر هیگڵ هەبووە(٤)، هەڵبەتە، لەو قۆناغ و سەردەمەدا، کەسێک هەبووە کە کاریگەری لەسەر هیگڵ هەبووە، لەم ڕووەوە زۆربەی فەیلەسووفان و بیریاران و شارەزایانی فەلسەفە، بڕوایانوایە کە کانت(٥) کاریگەری لەسەر هیگڵ هەبووە، تەنانەت ئەگەر کانت نەبوایە ئەوا هێگڵ بەمشێوەیەی نەدەبوو کە هەیە، بەتایبەت لە باسکردنی میتافیزیک(٦).

ئەگەرچی، هیگڵ بە کانت کاریگەر بووە، بەڵام مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو تیۆرەکانی لە کانت وەرگرتووە، بەڵکو خۆشی لەسەر زۆربەی پرس و بابەتەکان قسەی کردووە. لەبارەی دیاردە کۆمەڵایەتیی و فەلسەفییەکان قسەی کردووە و نووسینی لەسەریان بڵاوکردۆتەوە(٧)، بە تایبەت لە فەلسەفەی مێژووشی کۆڵیوەتەوە، ئەگەرچی یەکەم کەس نەبووە، بەڵام ئەو مۆرکێکی تایبەتی پێداوە. تێیدا ژمارەیەک ڕێسای ئەقڵانی (ڕەخنەیی) لە بواری لێکۆڵینەوەیی مێژوویی پێشکەش کردووە(٨) بەبۆچوونی هیگڵ مێژوو گرێیەکی هەیە کە دەبێت بە دەستی فەیلەسووفەکان بکرێتەوە، لەبەرئەوەی مێژوونووسەکان نەیانتوانیوە ئەم گرێیە بکەنەوە، بەڵکو زۆرتر هەوڵیان داوە تەنیا ڕووداوەکان بگێرنەوە و بنووسنەوە(٩).

هیگڵ، لە نووسینەکانیدا زیاتر لە سێ لە سەر چواری فەلسەفەکەی خۆی لە مێژوو و مێژووەکەی لە فەلسەفەی بۆ ڕابردوو تەرخان کردووە(١٠) بۆیە دەڵێ: فەلسەفەی مێژوو هیچ ناگەیەنێ لە لێکۆڵینەوەی مێژوو بەولاوە لە میانی هزردا(١١).

هیگڵ، بە شێوەیەکی ئایدیالی ڕاڤەی بۆ مێژوو کردووە، فەلسەفەکەشی ئایدیالیزمی دیالێکتیکە(١٢)، بڕوای وایە کە دەبێت سێ ڕەهەندەکەی زەمان لەبەرچاو بگرین، واتە ڕابردوو ئێستا و داهاتوو، بەشێوەیەک کە هەموو شتێک لە ئێستاوە هەڵدەقوڵێت و بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە، ئەمەش تەنیا زانینە لەو کاتەی تێیدا، کە لێی حاڵی دەبی(١٣)، لەگەڵ ئەوەشدا، مێژوو لە بزاوتێکی بەردەوامدایە هەر چرکەیەک جیایە لە چرکەکانی بەر لەخۆی، واتە ڕووداوە مێژووییەکان بە بەردەوامی دەگۆڕین(١٤).

هیگڵ بڕوای وایە، هەموو بیرۆکەیەک کە لە مێژوودا دەردەکەوێت دژ و پێچەوانەکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەمانە لەبەرانبەر یەکدیدا دەبن، تا لە کۆتاییدا دەگەنە تێزێکی نوێ، یاخوود بڵێین مێژووی سێیەمینەکی، کە جەدەلی دەبزوێنێت، ئەمەش وادەکات پێکهاتەیەکی نوێ دەردەکەوێت(١٥) بۆ نموونە، ژیان و مردن، دژی یەکترن، بەڵام ژیان وەکو ژیان میکرۆبی مردنیش لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، بۆیە مانای ژیان مانای مردنیش لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، بۆ ئەوەی دەنکە گەنمێک شین بێت، ڕەگی لەزەویدا دادەکوتێت و لاسکەکەشی لێوەدەردەچێت، پەیدابوونی لاسک مانای نەمانی تۆوەکەیە، گەنم شین دەبێت و دەبێتە گوڵە گەنم ئینجا لاسکەکە بەرەو فەوتان دەچێت کە لە تۆوەکەوە پەیدا بووە، لەلایەکی ترەوە دەنکە گەنمەکانی ناو گوڵە گەنمەکە هەمان سیفەت و خەسڵەتی تۆوەکەی هەیە. بەمە دەوترێ (نەفی کردنی نەفی)(١٦).

## ڕوانگەی مەسعوود محەممەد بۆ ئایدیالیزمەکان

ئەوەی باسمانکرد، ڕوانگەی ئایدیالیزمەکان بوو بۆ مێژوو، لێرەشدا ڕوانگەی مەسعوود محەممەد، سەبارەت بە ئایدیالستەکان - میسالیەکان دەخەینەڕوو، ئەگەرچی بە کەمی باسی هیگڵی کردووە(١٧). بەڵکو زیاتر خەریکی مارکس بووە و هەوڵیداوە وەڵامیان بداتەوە و ڕەتیان بکاتەوە.

مەسعوود محەممەد، بڕوای وایە: فەلسەفەی هاوچەرخ، بە تەواوی لە تاریکیدایە(١٨) و لە دیدی ئەودا شتێک نییە، پێی بوترێت فەلسەفەی سەردەم، کە قەوارەی هەبێت و بخوێندرێتەوە(١٩) هەڵبەتە زۆربەی ئەو فەلسەفانەی سەیر کردووە، کە پێی دەڵێن میسالی، بەڵام لەگەڵ هیچ یەکێکیان نەگونجاوە(٢٠)..

مەسعوود محەممەد فەلسەفەی هیگڵ بە دواکەوتوو وەسف دەکات، لە چاو فەلسەفەی مارکس کە لە دواتردا باسی لێوەدەکەین. تەنانەت دەڵێت: فکر و فەلسەفەی مارکس، بە دەقی کۆنیشیەوە گەلێک گەلێک پێشکەوتووترە لەو فەلسەفە میسالیانەی ناویان دەرکردووە(٢١) هەروەها، دەڵێ: من بەتەما نیم ترسی فەیلەسووفی ماددی لە دوانەتی Dualism(٢٢) ی مەلای ئیسلام و قەشەی دیان و فەیلەسووفی ئایدیالیست نیگام لێڵ بکات و ڕای ناجایەزم پێ بسەلمێنێ، چونکە بڕیارم داوە ئەگەر تەفسیری جیهان و ڕووداوەکان و دیاردەکانی پێویستی بە دە هێز و بیست ماکیش هەبێت نەک یەک و دوو، بێ دوودڵی کردن دان بە هەموویاندا بهێنم(٢٣).

مەسعوود محەممەد بڕوای وایە، فکر، ناتوانێت لە بۆشاییدا هیچ بەرهەمێکی هەبێت، نەمادی نە عەقلی، کەچی هەندێت خەیاڵبازی ئایدیالیست نەبێت کە بەرەو ئەودیوی مادە بۆ (مطلق-ڕەها) تێ هەڵدەکێشن و جیهانێکی وەهمی لە (وێنەی زیهنی) دروست دەکەن و بە دەوری ئەو وێنەیەدا دەمەتەقەی مەنتیقی نەزەری هەڵدەستێنن و چەکبەردەی ئەو دونیا مەوهومە بۆ ناو جیهانی خۆمان دەهێننەوە. لەو تەرزی ئایدیالیستە نەبێ زۆربەی خاوەن فکران هەر لە مادیەتی مولحیدەوە تا دەگاتە جەرگەی ئایین دەڵێن تا (زانراو) نەبێ (زانین) نابێ(٢٤).

مەسعوود محەممەد دەشڵێت: باوەڕم گەیشتە ئەو ئاستەی کە پێم وابێ جەدەلییەتی مێژوویی دەبێ ئەو کارەی دووبارە بکاتەوە کە لە سەرەتای پەیدا بوونی دەستی پێ کردووە, چونکە گوتوویەتی هیگلییەتی لە سەر پێی خۆی ڕاگرت لە کاتێکدا لەسەر سەر وەستابوو(٢٥) لێرەدا مەبەستی هاتنی مارکس و وەرگرتنی بەشێک لە فەلسەفەی هیگڵە. هەروەها دەڵێت فەلسەفەی ئایدیالی وڕێنەی وەهای تێدایە لە زاری مرۆڤەوە دەردەچێت. ئەو میسالیانە بەر لەوەی ماتیریالیست بە دەمیاندا بێتەوە دینی ئیسلام پێیان ڕازی نییە(٢٦) چونکە هێندە لە بوونەوەر و دوور کەوتوونەتەوە خەریکن بەسەر خەیاڵیشەوە ڕانەوەستن بەڵام خواوڕاستان کەس بە دوایان ناکەوێ(٢٧).

لەمەودا ڕووندەبێتەوە کە مەسعوود محەممەد، بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەی لە ئایدیالیزمەکان، بە تایبەتی هیگڵ گرتووە، کە بە یەکێک لە فەیلەسووفە دیارەکانی نێو ئەو فیکرەیە دادەنرێت. ئەگەرچی مەسعوود محەممەد لە نووسینەکانیدا زیاتر قسەی لەسەر ماددەگەرایی- مەتریالییەکان کردووە و ڕەتی مارکسیزمی داوەتەوە، هاوکات بەشێوەیەکی کەم و کورت قسەی لەسەر وجوودیی- بوونگەرایی و ئایدیالیزمەکان کردووە، ئەمەی لێرەدا ئاماژەی پێکرا، ئەو قسانەیە کە مەسعوود محەممەد بەرانبەر بەو ڕەوتە فەلسەفییە کردوویەتی.

# سەرچاوە و پەراوێز:

(١) گیۆرگ ولی‌هلم فردریش هیگڵ، لە ٢٧ی ئابی ساڵی ١٧٧٠ لە شاری شتوتگارت، لە ئەڵمانیا لەدایک بووە، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا چۆتە خوێندنگەی ئیلاهیاتی زانکۆی توبینگن، واتە چوونە نێو دەزگای ئایینی مەسیحیەت، لەو کاتەوە کە دەستیکرد بە خوێندن، خولیا و دڵبەستەی فەلسەفە بووە. هیگڵ لە ساڵی ١٨٠١ لە زانکۆ وەکو مامۆستا دەستیکرد بە وانەوتنەوە. (دیاردەناسیی ڕۆح) یەکێکە لە کتێبە فەلسەفیە بەناوبانگەکانی، کە بڵاویکردۆتەوە. لەدواتردا و لە ١٤ تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٣١ بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشی کۆلێرا گیانی بەخاک سپارد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کۆمەڵێک نووسەر: ئاشنابوون بە هیگڵ، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٨،١٠،١١،١٩،٢١،٤٧.

(٢) ئازاد وەلەدبەگی: فەرهەنگی نیگا، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١، ل ٧٥.

(٣) وەرگیراو لە وێبلاگی قوتابخانەی ناوەندیی گوڵانە، ٢٠١٥/١١/١، یەک شەممە
http://gullane.blogsky.com/١٣٩٤/٠٧

(٤) هاشم ساڵح: فەلسەفە. ڕۆشنگەری. فێندەمێنتالیزم، و: شوان ئەحمەد، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١٦١.

(٥) ئمانوئێل کانت، لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٧٢٤ لە شاری کۆنکسنبێرگ، لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. لە ساڵی ١٧٣٠ پەیوەندی بە قوتابخانەی یەکەمی تابیعی نەخۆشخانەی (قەدس جۆرج) کردووە. لەسەر بابەتی (لە ئاگردا) لە فەلسەفەی سروشتدا، پلەی دوکتۆرای بەدەستهێناوە. کانت لە ساڵی ١٨٠٣ دوا کتێبی بەناوی (لە پەروەردە)دا بڵاوکردەوە. و لە نووسینەکانیدا، سەبارەت بە میتافیزیکیا، ئایین، سروشت، مۆراڵ، ئاشتی جیهانی کردووە. هەڵبەتە فەلسەفەی کانت کاریگەری لەسەر فەلسەفەی ئەوروپایی هەبووە. ناوبراو، لە ١٢ی شوباتی ساڵی ١٨٠٤ گیانی بەخاک سپارد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عماد عبدالسلام رووف: کانت- ژیان و کارە فیکرییەکانی، و: سامان مستەفا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٧،٨،٩،١٠،١٣.

(٦) عەبدولحسەین زەڕینکوب: مێژوو لە تەرازوودا، و: د.قادر محەمەد حەسەن- سۆران بهاء ئەحمەد، بڵاوکراوەی خانەی وەرگێران، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٢٧٤.

(٧) موفید ئەلزەیدی: سەرەتایەک لەفەلسەفەی مێژوو، و: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ناوەندی هزر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٥، ل ١٧٨.

(٨) هاشم یەحیا ئەلمەلاح: دەروازەیەک لە فەلسەفەی مێژوو، و: دەوەن حەسەن، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١، ل ٣٢٥.

(٩) عەبدولحسەین زەڕینکوب: س.پ، ل ٣٧٤.

(١٠) محەمەد شێخ: هیگڵ و فەلسەفەی تازەگەری: و: دلێر میرزا، چ٢، چاپخانەی شڤان، بڵاوکراوەی خانەی وەرگێران، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٥٩٢.

(١١) هاشم یەحیا ئەلمەلاح: س.پ، ل ٣٢٦.

(١٢) دیالێکتیک، زاراوەیەکی یۆنانییە، هیگڵ لە ئەفلاتونی وەرگرتووە، مەبەست لەمەدا پرۆسە مێژووییەکان بەڕێرەوی یەکتر هەڵوەشاندنەوە بەرێوە دەڕوات. واتە هەر ئاراستەیەک کە دەگاتە کۆتایی تەواو ئاراستەیەکی دیکە لە دایک دەبێت و ئەوەی پێشوو لەناودەبات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاشم یەحیا ئەلمەلاح: ل ٣٣٩.

(١٣) عەبدولحسەین زەڕینکوب: س.پ، ل ٣٧٤.

(١٤) موفید ئەلزەیدی: س.پ، ل ١٧٩.

(١٥) هـس، ل ١٧٨، ١٧٩.

(١٦) هاشم یەحیا ئەلمەلاح: س.پ، ل ٣٤٠.

(١٧) ئازاد عەبدولواحید: س.پ، ل ٤١٥.

(١٨) هەڵۆ بەرزنجەیی: ژیان و جیهانبینی مەسعوود محەمەد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٨٤.

(١٩) هـس، ل ١٨٨.

(٢٠) هـس، ل ١٧٦.

(٢١) مرۆڤ و دەوروبەر، ب٢، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٨٤، ل ١٩٦.

(٢٢) ڕێبازێکی فەلسەفییانەیە لەلایەن دیکارتەوە هێنراوەتە کاتەوە، کە دەڵێت دونیا لە دوو توخم یا گەوهەر پێکهاتووە، کە ناتوانین بۆ یەکتریان بگەڕێنینەوە، وەک چاکە و خراپە، یان ماددە و ڕۆح. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یاسین صابر صالح: ئینسایکاۆپیدیای گشتی، ب٢، ل ١٩١

(٢٣) مرۆڤ و دەوروبەر، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٧، ل ١٢٦.

(٢٤) هـس، ل ٢٥.

(٢٥) بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، و:حەکیم کاکەوەیس، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠١٢، ل ١٠٥.

(٢٦) لەدوای باسکردنێکی زۆری دیین و پرسی ئایدۆلۆژی کە کۆمۆنیزم بە نموونە دەهێنێتەوە، کە بە پیرۆز دەکرێ، ئەم قسەیە دەکات، کە مەبەستی ئەوەیە دیین غەیبە و پێوەندی بە هەستی مرۆڤەوە هەیە، چونکە خەڵک بەدوای دەکەوێ و کەمتر هۆش بەکاردەهێنن کە مەبەستی هزرە.

(٢٧) مەسعوود محەمەد: مرۆڤ و دەوروبەر، ب٢، ل ١٩٧.